کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

27-7-2007 23:38 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## راگەیەندراو دەربارەی حوکمی ئیعدامی عەدنان حەسەنپوور و عەبدولواحید بوتیمار

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

هاونیشتمانییانی شۆڕشگێڕ!
رێکخراو و کەسایەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!
رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی بەهەڵوێست!

وەک هەموومان دەزانین دەسەڵاتدارانی رژیمی سەرەڕۆ و دژەئازادیی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاریانەوە لە سەرکوتکردنی خەڵکی ئێران و کوردستان، راوەدوونان و گرتنی ئازادییخوازان، کپکردنی هەر دەنگێکی نارازیی لە دەسەڵاتە زۆردارەکەیان و، شکاندن و سووتاندنی هەر پەنجە و پێنووسێکی راستیینووس، نەپرینگاونەوە. ئەمڕۆش کە ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە لە ناوخۆ و دەرەوەڕا و لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە ژێر فشار و، لە راستییدا لە کۆتاییەکانی تەمەنی پڕ لەنەگبەتیی خۆی نزیک دەبێتەوە، لە سەر سیاسەتی داپڵۆسێنەرانە و زۆردارانەی خۆی و ئازاردانی خەڵک و گرتن و ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێن کردن و ئیعدامکردنی لاوان، ژنان، ئازادییخوازان، رۆشنبیران و خەباتگێڕانی بواری مافی مرۆڤ، هەر بەردەوامە.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بوو کە، وەک لە چەند رۆژی رابردوودا لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە، بەناو دادگای شۆڕشی ئیسلامیی شاری "سنە" حوکمی ئیعدامی بۆ دوو لاوی شاری مەریوان بە ناوەکانی عەدنان حەسەنپوور، رۆژنامەنووس و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی هەفتەنامەی داخراوی (ئاسۆ)، و عەبدولواحید بوتیمار ناسراو بە هیوا، چالاکی بواری رۆشنبیریی و مەدەنیی، دەرکرد. ئەو حوکمانە کاتێک دەردەکرێن کە چەند مانگ لەوەپێش و لە دوو کردەوەی جیاجیادا هێزە سەرکوتکەر و بەناو ئاسایشییەکانی رژیم هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکانی ناوبراوان و دەستگیریان کردن و پاشان راپێچی زیندانەکانی شارەکانی "مەریوان" و "سنە"یان کردن. لەو ماوەشدا کە لە زیندان دابوون لەگەڵ ئەشکەنجە و ئەزیەتی دەروونیی و جەستەیی جەللادانی دەزگای "ئیتتلاعات"ی کۆماری بەناو ئیسلامیی دابوون.

ئێمە لە گەڵ مەحکوومکردنی گرتن و ئەشکەنجەکردن و حوکمی ئیعدامی عەدنان حەسەنپوور و عەبدولواحید بوتیمار دا، داوا لە ئازادییخوازان، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ و رێکخراو و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکان دەکەین ئەو کردەوە و هەموو کردەوە دژەئینسانییەکانی رژیمی دیکتاتۆری بەناو ئیسلامیی ئێران مەحکووم و ریسوا بکەن و هەوڵی بەردەوامی خۆیان بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو دوو چالاکەی بواری مافی مرۆڤ بدەن و فشاری خۆیان بۆ سەر ئەو رژیمە زیاتر بکەن تا چیدیکە یاریی بە چارەنووسی خەڵکی ئێران و کوردستان نەکەن و لەوە زیاتر مافەکانی مرۆڤ نەکەنە کەرەستەی سیاسەتە شوومەکانیان.

هاوکاتیش رووی بانگەوازمان لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی خەباتگێر و شۆڕشوانی کوردستان دەکەین کە هەرچەند دەکرێ ریزەکانیان بۆ خەبات و بەرخودان پتەوتر بکەن و بە خۆپیشاندان و مانگرتن، نارەزایەتیی خۆیان لە دژی کردەوە نامرۆڤانەکانی رژیم بە گشتیی و حوکمی نارەوای بەناو دادگای شۆڕش بەتایبەتیی، نیشان بدەن. هەروەها لە لاوانی بەهەست، نووسەرانی خودان قەڵەم و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێست داوا دەکەین لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رژیمی نا ئیسلامیی ئێران قەڵائاسا رابوەستن و، فشار و پاڵەپەستۆی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو رژیمە گەندەڵە لەقاوبدەن.

ئازادیی بۆ خەڵکی کوردستان!
ریسوایی و رووخان بۆ دوژمنانی ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ!

ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران
بەشی راگەیاندن
29ی پووشپەڕی 1386ی ک- هـ بەرامبەر بە 2007/7/20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.